Research Center

25-06-2022

# هێرشەکانی کۆرمۆر

25-06-2022

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** پێچەوانەی هێرشەکانی رابردوو کە زیاتر هەولێر و دەرووبەریان دەکردە ئامانج، ئەمجارە لە ماوەی رۆژانی رابردوودا سێ هێرشی موشەکی کرایە سەر کێڵگەی گازی کۆرمۆر لە سنووری چەمچەماڵ. تا ئێستا هیچ لایەنێك بەرپرسیاری هیرشەکەی نەگرتۆتە ئەستۆ، بەڵام ئەمە پێشهاتێکی تازە و وەرچەرخانێکە لە پەلاماردانی گرووپە چەکدارییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

## بەرایی

پێچەوانەی هێرشەکانی رابردوو کە زیاتر هەولێر و دەرووبەریان دەکردە ئامانج، ئەمجارە لە ماوەی رۆژانی رابردوودا سێ هێرشی موشەکی کرایە سەر کێڵگەی گازی کۆرمۆر لە سنووری چەمچەماڵ. تا ئێستا هیچ لایەنێك بەرپرسیاری هیرشەکەی نەگرتۆتە ئەستۆ، بەڵام ئەمە پێشهاتێکی تازە و وەرچەرخانێکە لە پەلاماردانی گرووپە چەکدارییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان. چونکە ئامانجی ئەمجارە ناوچەیەکە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان تێیدا نفوزی زۆرترە کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵتریشی لەگەڵ ئێران و گرووپە شیعییەکانیش هەیە. بەڵام بۆچی؟

## کێ هێرشەکەی کردووە؟

هەرچەند سێکوچەکەی نێوان باشووری کەرکوك- چیای حەمرین و باکووری پارێزگای دیالە هێشتا شوێنی تەراتێنی داعشە و جاروبار لەوێوە هێرش دەکرێتە سەر پێشمەرگە، بەڵام بەو پێیەی کە داعش لانیکەم لە 2020 بەدواوە توانست و کەرەستەی هێرشی موشەکیی وای لە بەردەست نییە، ئەستەمە کاری ئەو بووبێت. بە قسەی رایەدارانیش بێ، موشەکەکان جۆری کاتیوشا بوون و بە لەبەر چاوگرتنی جۆرە جیاوازەکانی ئەم چەکە کە لە عێراق هەن، دوور نییە لە شوێنێك لە ناوچەکانی نێوان باشووری کەرکوك تا باکووری پارێزگای دیالەوە گیرابێتنە کۆرمۆر کە دوورییەکەیان لە 20-40 کم زیاتر نەبێت! هەڵبەت ئەگەر جۆری کاتیۆشایەکە دیاری بکرێت و لەو جۆرانەش بێت کە تا مەودایەکی دوور بڕناکەن و دەوری 8-9کیلۆمەترێك دەڕۆن، ئەوسا دەبێ لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا بەدوای شوێنی تەقاندنی موشەکەکەدا بگەڕێین کە ئەوەش رەهەندێکی جیاوازتری پێدەدات. بەو پێیەی کە لە توندترین ململانێ ناوخۆییەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییدا، هێزە کوردییەکان پەنایان بۆ چەك دژی یەکتر نەبردووە، ئەوە بژارەیەکی دوور لە واقیع دێتە پێشچاو کە کەس یان لایەنیکی ناوخۆیی ئەوەی کردبێت.

بەو پێیەی ئەو ناوچانەی نێوان سێکوچکەی باشووری کەرکوك- حەمرین و دیالە، شوێنی گرووپە جیاوازەکانی حەشدی شەعبی، سوپای عێراقیشە و لەوێش ناوچەی بۆشایی ئەمنی زۆر هەیە، گومان هەر بۆ ئەو گرووپە چەکدارانە دەچێت کە لە پشت هێرشە موشەکی و درۆنییەکانی سەر هەرێمی کوردستانەوەن.

## بۆچی ئەو هێرشانە کرا؟

ئەو هێرشانەی سەر کۆرمۆر لەکاتێکدا دێن کە دوای ماوەیەك گرژی و ساردی، دوای دەستپێچخەرییەکانی نیبچرڤان بارزانی ـ پلاسخارت کرانەوەیەك لە پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی دروستبووە کە پێدەچێت لە دوای کشانەوەی سەدر لە پەرلەمان و دەستپێکردنی قۆناخێکی تازە، ئەو دوو هێزە زیاتر لە جاران ناچاری رێککەوتن لەگەڵ یەك بن. هەروەها هێرشەکان دوای ئەوە هات کە لە رۆژانی رابردوودا زۆربەی سەرکردەکانی شیعە پێشوازییەکی گەرموگوڕیان لە لاهورشێخ جەنگی کرد کە وەك گوشارێکی سیاسی بۆ سەر"یەکێتی نوێ" هەژماردەکرێت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە پێشتر ئەو گرووپانە لە کاتی رووداوەکانی پەیوەست بە لەسەرکارلادانی ئەو، زیاتر بێدەنگییان بە مەسڵەحەت زانیبوو! حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە سەرەتاکانی ئەم مانگەدا رایگەیاندبوو کە دوو کۆمپانیا سەبارەت بە نەوت وگاز دادەمەزرێنێت! بێشك ئەستەمە بتوانیت ئەمە بەبێ رەزامەندی یەکێتی بکات و رەنگە لەسەر ئەوەش لێکتێگەیتشنێك لە نیوان هەردوولا دروست بووبێت.

کاتێ ئەمانە پیکەوە دەخەیتە پاڵی یەك، هێرشی موشەکی و گوشاری سیاسی وەك دوو ئامرازی کاریگەر سەبارەت بە ریگرتن لە رێککەوتنێکی گریمانەیی نێوان یەکیتی و پارتی لەسەر بابەتی گازی سروشتی وەك ئەگەرێکی بەهیز دەردەکەوێت.

هەڵبەت دەبێ لە شوێنێکدا ئەوەش یادداشت بکرێت کە هێرشەکان، دەتوانن کاریگەرییان لەسەر بڕیاری کۆمپانیا بیانییەکانیش هەبێت کە لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان کاردەکەن و هاوکاتیشە لەگەڵ دووەمین نامەی ئاگادارکردنەوەی حکومەتی عێراق بۆ کۆمپانیا بیانییەکان سەبارەت بە چارەنووسی کارکردنیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان!

فاکتەرێکی دیکە کە باشتروایە لەپێشچاو بگیرێت ئەوەیە کە دوای کشانەوەی سەدر لە پەرلەمان، لایەنە سەرەکییەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی وەك عامری و مالکی ناچاردەبن سازش لەگەڵ پارتی و تەقەدوم بکەن بۆ ئەوەی حکومەتەکەی داهاتوویان رەواییەکی رێژەیی هەبێت. کاتێ ئەمەش بکەن، ئەوسا ناچارن بەرامبەر گوشاری گرووپە چەکدارییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان و پارێزگای ئەنبار (حەلبووسی) هەڵوێستێکی جیاوازتر لە جارانیان هەبێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە ناچار دەبن هەندێك لە داواکارییەکانی ئەو گرووپانە

پشتگوێ بخەن. بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازیی پێکهێنەرەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی، ئەمە شتێکە کە رێی تێدەچێت. هادی عامری داوای کردبوو کە مەرجەعییەتی باڵا رێ لە تیکچوونی پرۆسەی سیاسی بگریت، ئەمەش ناڕاستەوخۆ واتای ئەوەیە کە خەتی سوور بەسەر ناوی مالیکی دا دێنێت، چوونکە پێشتر مەرجەعی باڵا گوتبووی ئەوەی تاقی کراوەتەوە تاقی نەکرێتەوە. بەپێی هەواڵەکانیش بێ، نوری مالکی دەیەوێت هەرچی زووتر چوارچێوەی هاوئاهەنگی بڕیار لەسەر کاندیدی سەرۆکوەزیران بدات.  قەیس خەزعەلی ئەمینداری عەسائیبی ئەهلی هەق گوتوویەتی[1] کارەساتە ئەگەر حکومەت وەك جاران پێکبهێنرێت و دەبی سەرۆکوەزیرانێك بێت کە بتوانێ کێشە ئابوورییەکان چارەسەر بکات. ئەگەریش نا، با هەڵبژاردن بکرێتەوە. ئەمەش شتێکە کە بە دڵی مالکی نییە. پێدەچێت کەتائیبی حیزبوڵڵاش[2] لە دۆخەکە ناڕازی بێت کە وا مەزەندە دەکرێت لە دوای کشانەوەی سەدر، 6 کەسی نزیکی لە نێو پەرلەمان بن و لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە کە ئێمە بەشیك نەبووین لە حکومەتەکانی جاران و بەشێك نین لە بارودۆخی ئێستاش...

لەسەروبەندی باسەکانی تایبەت بە ناتۆی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سەردانە چاوەڕوانکراوەکەی بایدن و گفتوگۆ چوارقۆڵییەکانی ئەمریکا- هیندستان- ئیمارات- ئیسرائیل، هێرش بۆ سەر کۆمپانیایەکی ئیماراتی لە هەرێمی کوردستان، دەتوانێت رەهەندێکی رکابەریی هێزداری ناوچەیشی تێدا بێت

## کۆتایی

هێرشەکانی سەر کۆرمۆر وەچەرخانێکە لە هێرشی گرووپە چەکدارییەکان بۆسەر هەرێمی کوردستان. لەوانەیە رێگرتن لە ئەگەری نزیکبوونەوە و رێککەوتنی زیاتری یەکێتی و پارتی بە تایبەت لە دۆسیەی وزە لێرەدا ئامانجە سەرەکییەکە بێت. ئەمە بێجگە لە ناچارکردنی کۆمپانیاکان بۆ کارنەکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

مشتومرێك لە نێو چوارچێوەی هاوهائەنگی بەدیدەکرێت لەسەر ئەوەی کە کێ ببێتە سەرۆکوەزیران. رەنگە  مستەفا کازمیش حەزی لێ بێت کە بمێنێتەوە. ئا لەو چوارچێوەیەیەدا، سەردانەکەی بۆ تاران بە هەرهۆیەکی دیکەش بێت، لەم ساتانەدا بۆنی ئەوەی لێدێت کە دەیەوی بڵێ من دەتوانم کاندیدی نەسازانی لایەنەکان بم و بمێنمەوە. هەرچۆنێك بێ، کازمی بیت یان هەر کەسیکی دیکە، گرنگە مژاری هێرشە موشەکییەکان و رێکارە تەکنیکی و سەربازییەکان بۆ رێگرتن لەوانە، بابەتی هاوبەشی یەکێتی و پارتی بێت لە دانوستاندنەکانیان بۆ پێکهێنانی حکومەت!

[1] _https://ahlualhaq.com/read/19290

[2] _ https://www.kataibhezbollah.me/news/3231